Journal of University of Raparin گۆڤاری زانکۆی ڕاپەڕین E-ISSN: 2522 – 7130 P-ISSN: 2410 – 1036

# پۆلێنکردنی ناوی واتایی و بەبەرهەمیی گیرەکەکانی لە زمانی کوردیدا

**شیرزاد سعید صدیق[1] - عمر صالح خدر[2]**

[1] بەشی زمانی کوردی، فاکەڵتیی پەروەردە، زانکۆی سۆران، سۆران، هەرێمی کوردستان، عێراق.

[2] بەشی زمانی کوردی، کۆلێژی پەروەردە، زانکۆی ڕاپەڕین، ڕانیە، هەرێمی کوردستان، عێراق.

## پوختە:

ئەم توێژینەوەیە لە (پۆلێنکردنی ناوی واتایی و بەبەرهەمیی گیرەکەکانی لە زمانی کوردیدا) دەدوێت. گرنگی ئەم باسە لەوەدایە، کە پێشتر لە سەرچاوە زمانەوانییەکاندا هەر ناوێک بەرجەستە و کۆنکرێتی نەبوبێت بە ناوی واتایی دانراوە و زیاتر پۆلێنەکراوە، بەڵام ئەم توێژینەوەیە هەوڵدەدات ناوە واتاییەکان بەپێی ئەو چەمک و بوارەی دەیگەیەنن پۆلێنبکات. هەروەها هەوڵێکە بۆ دەرخستنی ڕێژەی چالاکیی و بەرهەمداریی ئەو گیرەکانەی، کە جۆرەکانی ناوی واتایی دادەڕێژن و ڕۆڵیان لە دەوڵەمەندکردنی فەرهەنگی زمانی کوردیدا هەیە، واتە لەسەر بنەمای بەبەرهەمی و کەم بەرهەمی بە یارمەتی ئامار لە یەکەیەکی زمان، کە ئەویش گیرەکی وشەدارێژە دەڕوانێت. توێژینەوەکە جگە لە پێشەکی و پوختە لە دو بەش پێکدێت، بەشی یەکەم بەشێوەیەکی تیۆری باس لە چەمک و زاراوە و پێناسەی بەبەرهەمی کراوە، هەروەها بەگشتی ناو و جۆرەکانی ناو لەڕوی هەبونەوە (بەرجەستە و واتایی) باسکراوە، ئینجا جۆرەکانی ناوی واتایی پۆلێنکراوە. لە بەشی دوەمدا بەشێوەیەکی کارەکیی بەبەرهەمیی گیرەکەکان لە دروستکردنی جۆرەکانی ناوی واتاییدا بەنمونەوە خراونەتەڕو. لە کۆتاییشدا ئەنجام و لیستی سەرچاوەکان و پوختەی باسەکە بە هەردو زمانی عەرەبی و ئینگلیزی خراوەتەڕو.

**کلیلە وشەکان:** بەبەرهەمی، ناوی واتایی، وشەڕۆنان، گیرەک.

**Article Info:**
**DOI:** 10.26750/Vol(9).No(5).Paper10
**Received:** 14-March-2022
**Accepted:** 10-April-2022
**Published:** 29-December-2022
**Corresponding Author's E-mail:**
Sherzad.sedeeq@soran.edu.iq
Omer.salih@uor.edu.krd
This work is licensed under CC-BY-NC-ND 4.0
**Copyright**©2022 Journal of University of Raparin.



**Original Article / Doi:** 10.26750/Vol(9).No(5).Paper10

## پێشەکی:

ناونیشانی توێژینەوەکە: ئەم توێژینەوەیە بۆ (پۆلێنکردنی ناوی واتایی و بەبەرهەمیی گیرەکەکانی لە زمانی کوردیدا) تەرخانکراوە، پۆلێنکردنەکە لەسەر بنەمای واتاییە، بۆ ناوە واتاییەکان، کە هەنگاوێکی سەرەتایە بۆ یەکەم جار تیایدا ناوی واتایی پۆلێندەکرێت.

سنور و کەرەستەی توێژینەوەکە: سنوری توێژینەوەکە لە چوارچێوەی مۆرفۆلۆژیی زمانی کوردییدایە، کە دیالێکتی کرمانجیی ناوەڕاست پەیڕەوکراوە. کەرەستە و داتای توێژینەوەکەش بەزۆری لە فەرهەنگی خاڵ و سەرچاوە زمانەوانییە کوردییەکان وەرگیراون.

ڕێبازی توێژینەوەکە: لەم توێژینەوەیەدا ڕێبازی پەسنیی شیکاریی ـ ئاماریی پەیڕەوکراوە، واتە بۆ دەرخستنی ڕێژەی چالاکیی و سستیی گیرەکەکان پشت بە ئامار بەستراوە، ئامارەکانیش توانای بەبەرهەمیی گیرەکەکان پیشاندەدەن.

ناوەڕۆکی توێژینەوەکە: جگە لە پێشەکی و ئەنجام و لیستی سەرچاوەکان، لە دو بەش پێکدێت، بەشی یەکەم بۆ ناساندنی بەبەرهەمی و ناوی بەرجەستە و واتایی و پۆلێنکردنی ناوی واتایی تەرخانکراوە، لە بەشی دوەمدا بەبەرهەمیی گیرەکەکان لە دروستکردنی هەر جۆرێکی ناوی واتاییدا خراوەتەڕو.

## بەشی یەکەم: بەبەرهەمیی و ناو

### ١-١) بەبەرهەمی (Productivity)

لە زمانەوانیدا، بەبەرهەمی ئەو دیاردەیەیە، کە ئاخێوەرانی زمان لە پرۆسەیەکی ڕێزمانیدا بەتایبەت لە پێکهاتنی وشەدا بەکاریدەهێنن. یەکێک لە سیما هەرە گرنگ و دیارەکانی زمانی مرۆڤ توانای دروستکردنی وشەی نوێیە، کە فەرهەنگی زمان دەوڵەمەند دەکات، چونکە زمان کۆمەڵێک نیشانەی پێرەوبەندە، توانای بە کۆدکردنی چەمکە نوێیەکانی هەیە. بۆیە قسەپێکەرانی زمان نەک هەر دەتوانن وشەی بەردەست بەرهەمبهێنن و لێیتێبگەن، بەڵکو دەتوانن ئەو وشانەی کە پێشتر نەیانبیستوە دروست بکەن و لێیتێبگەن. ئەم تایبەتمەندییەش وایکرد، کە (چۆمسکی ڕێبازێکی ئەقڵی لە لێکۆڵینەوەی زماندا بەکاربێنێت، کە تایبەتە بە مرۆڤ و بەرهەمی ئەقڵی مرۆڤ). (دزەیی ٢٠١٣: ٩٥) دیارە ئەمەش بەهۆی بەکارهێنانی ڕێسای سنورداری زمانەوانی دەتوانرێت ژمارەیەکی بێسنور لە وشە و دەستەواژە و ڕستە بەرهەمبهێنرێت، بەم تایبەتمەندییەی زمان دەوترێت بەبەرهەمی. (کرمی ١٣٨٨: ٢٣-٢٤).

### ١-١-١) چەمکی بەبەرهەمی:

بەبەرهەمی لەڕوی چەمکەوە، کە بەرهەمهێنان و کردەی دروستکردنی شتی نوێ و زیادکردنی ژمارەکەی دەگرێتەوە، لە زمانەوانیدا بەشێوەیەکی گشتی لە هەمو ئاستەکاندا هەیە، کە مەبەست لە (هەوڵدانی قسەکەرە بۆ داڕشتن و لێکدانی کەرەستە زمانییەکان، لە ڕێگەی یاساکانی فۆنۆلۆژی و مۆرفۆلۆژی و سینتاکسەوە لە زمانێکی دیاریکراودا، بە ئامانجی دروستکردن و بەرهەمهێنانی فۆرمی واتادار و دروستەی ڕێزمانی نوێ). (سەعید ٢٠٠٩: ١١) واتە زمان لە هەمو ئاستەکاندا بەبەرهەمە، کە ئەمەش تایبەتمەندی سروشتی زمانی مرۆڤە، کە جیایدەکاتەوە


Original Article / Doi: 10.26750/Vol(9).No(5).Paper10

لە زمانی گیاندارانی دیکە، هەرچەندە لەوانەیە ئەوانیش پێڕەوێکیان هەبێت بۆ لەیەکگەیشتن، بەڵام (زۆربەی زۆری ڕژێمی لە یەکگەیشتنی گیانداران ژمارەیەکی کەم و دیاریکراویان لەو ئاماژانە هەیە، کە بەکارهێنەرانیان دەیانناسن یاخود وەریاندەگرن). (مەحویی ٢٠٠١: ٤٠) لەگەڵ ئەوەشدا چەمکی بەبەرهەمی لە زمانی مرۆڤدا (چەمکێکی ڕەها نییە، بەڵکو دەشێت بە زۆر و کەمی پلەبەندی بکرێت، بۆ نموونە زۆر بەرهەمهێن یان کەم بەرهەمهێن). (کەرەمی ١٣٩٦: ٤٦) ئەمەش ئەوە دەگەیەنێت، کە مەرج نییە هەموو ئاستەکانی زمان وەکو یەک بەبەرهەم بن، دەشێت ڕادەی بەبەرهەمیی ئاستەکان جیاواز بێت.

ئەوەی پێویستە ئاماژەی پێبدرێت ئەوەیە بەبەرهەمی تەنیا پەیوەست نییە بە بواری زمانەوانییەوە، بەڵکو بەبەرهەمی چەمکێکی گشتگیر و فراوانە و پەیوەندی بە بوار و زانستەکانی دیکەشەوە هەیە، بەڵام لە بواری زماندا یەکێکە لەو چەمکانەی، کە بیری زمانەوانانی بەخۆیەوە سەرقاڵکردوە، کە ئایا چی بەبەرهەمە؟ قاڵب و یاسا مۆرفۆلۆژییەکان، یان وشەکان و بنکەکانیان؟ یاخود گیرەکەکان بەبەرهەمن.

لەم ڕوانگەیەوە باوەر (Bauer) بۆچونی وایە، کە کاتێک دەوترێت بەبەرهەمی، ئەوا مەبەست لە گشت ڕێزمانە. (Bauer 2004:12) لەگەڵ ئەوەشدا دیاریکردنی بە ناڕونی ماوەتەوە و یەکێکە لە کێشە دیارەکان لە لێکۆڵینەوە زمانەوانییەکاندا، چونکە هیچ بنەمایەکی گشتی بۆ هەڵسەنگاندنی دانەنراوە، بۆیە جیاوازی زۆر لەبارەیەوە هەیە، کە جێگەی سەرسوڕمانە. لەم بارەیەوە ئەندێرسۆن (Anderson) بەهەمان شێوەی باوەر (Bauer) پرۆسەکان وەک ئامرازێکی بەبەرهەم، یان بێبەرهەم سەیر دەکات، بەڵام ئارۆنۆف (Aronoff) پێیوایە، کە ئەوە یاساکانی زمانن، کە بەرهەمدارن یاخود بێبەرهەمن. (Hulse 2010:19).

لە زمانی کوردیشدا کردەی داڕشتن و لێکدانی وشەکان بەپێی یاساکانی وشەڕۆنان بە پرۆسە چالاک و بەبەرهەمەکان دادەنرێن. لە کاتێکدا هەموو زمانێک کەرەستە و یاسا و ڕێسای ڕێزمانی تایبەت بەخۆی هەیە، کە قسەپێکەرانی ئەو زمانە بە مەبەستی تێگەیشتن و بەرهەمهێنانی یەکەی نوێی زمانیی پەیڕەوی لێدەکەن. بەم پێیە چەمک و واتای بەبەرهەمی لە زمانەوانیدا پەیوەست دەبێت بەو کەرەستە و یەکە زمانییانەوە، کە لەو زمانەدا هەن.

## ١-١-٢) زاراوەی بەبەرهەمی:

ئەم زاراوەیە لە زمانی کوردیدا بەرانبەر بە زاراوەی (Productivity) ئینگلیزی بەکارهاتوە. هەرچەندە زاراوەی بەبەرهەمی وا دەردەکەوێت، کە نوێ بێت، بەڵام بۆ یەکەم جار لە ساڵی (١٨٣٨) لەلایەن دیتس (Dietz) بەکارهێنراوە. ئەو چەمکانەی بەهۆیەوە هاتونەتە کایەوە مێژوویەکی کۆنیان هەیە. وەک شالتینک (Schaltink) ئاماژەی پێدەکات، تەواوی بیرۆکەکە لە لێکۆڵینەوەی زمانەوانی سانسکریتی هەیە. لێکۆڵەرانی زمانی ئینگلیزیش بە ئەو بیرۆکەیە ئاشنابون بەتایبەت ساڵی (١٥٣٠) کاریان لەسەر کردوە. هەروەها وەک ستین (stein) ئاماژەی پێدەکات چەمکەکە هەبوە، بەڵام زاراوەیەک بۆ گوزارشت لێکردنی نەبوە، هەر لەو کاتەوە شالتینک (Schaltink) توانی بیدۆزێتەوە. (Bauer 2004:11).

لەم ڕوانگەیەوە، زاراوی بەبەرهەمی هەندێکجار بۆ ئاماژەکردن بە داهێنان بەکارهاتوە، بەجۆرێک، کە (توانای زمانە مرۆییەکانە بە بەکارهێنانی هۆکاری سنوردار بۆ داهێنانی ژمارەیەکی بێسنور لە دەربڕاو). (Katamba



Original Article / Doi: 10.26750/Vol(9).No(5).Paper10

(1993:72 واتە مرۆڤ توانای ئەوەی هەیە بە کەرەستەی سنوردار ژمارەیەکی دیارینەکراو لە دەربڕاوی زمانی بەرهەم بهێنێت.

هەر سەبارەت بە زاراوەی بەبەرهەمی پلاگ (Plag) بۆچونی وایە، کە (بەپێی فەرهەنگی ستانداردی زاراوەناسی زمانەوانی، دەستەواژەی بەبەرهەمی بۆ ئاماژەکردن بە توانای داهێنەرانەی بەکارهێنانی زمان بۆ بەرهەمهێنان و تێگەیشتن لە ژمارەیەکی بێکۆتای ڕستە بەکارهاتوە). (Plag 1999:5) کە ئەمەش جەخت لە هەمان بۆچونی سەرەوە دەکاتەوە.

کەواتە دەکرێت سەرەکیترین ئامانجی زمانەوانی بەرهەمهێنان وەڵامدانەوەی ئەو پرسیارە بێت، کە چۆمسکی ناوی ناوە پرسیاری ئەفلاتون، پرسیارەکە دەڵێت: چۆن ئێمە لە ڕێگەی چەند یاسایەکی کەم و سنوردار دەتوانین زانیارییەکی بێسنورمان هەبێت، ئەم زانستە لە کوێ هاتوە؟ بەردەوام مێشکی ئەفلاتونی بەخۆیەوە سەرقاڵکردوە، چۆن منداڵ لە ڕێگەی داتای وەرگیراوی سنوردار دەگاتە سیستەمێکی ئاڵۆزی وەک زمان، یاخود مرۆڤ چۆن لە ڕێگەی داتای سنورداری زمانی دەبێت بە خاوەنی زانیارییەکی فراوان، ئەفلاتون بەم شێوەیە وەڵامی پرسیارەکە دەداتەوە، کە بەشێکی زۆر لە زانیاری مرۆڤ زگماکییە. چۆمسکی لە پرسیارەکەی ئەفلاتون بە هەژاری پاڵنەر، واتە کەمی وەرگیراوە زمانییەکان، کە لە دەوروبەری منداڵان هەیە باسدەکات، وەڵامەکەی ئەوەیە، کە لەو ڕووەی منداڵ لەگەڵ لە دایکبونیدا خاوەنی زانستی زمانی بایەلۆجییە، بۆیە دەتوانێت لە داتای کەم و سنوردار بۆ سیستەمێکی ئاڵۆز بیگۆڕێت. (Chomsky 2012:108).

هەر لەم ڕوانگەیەوە، زاراوەی بەبەرهەمی، یان کرۆکی بیری بەرهەمهێنان لە ماتماتیک وەرگیراوە، بەو پێیەی (هەر بەشێکی ئاخاوتن لەڕوی پێکهاتنەوە وەرگرین، کردەی زمانەوانی ماتماتیکی بەشێوەیەکی زۆر فراوان تێدا بەکاردەهێنرێت). (خۆشناو ٢٠١٦: ٩٣) چونکە ڕێزمانی بەرهەمهێنان و گوێزانەوە مۆدێلی ماتماتیکی بەشێوەیەک هێنایە ناو زمانەوە، بۆ ئەوەی یاساکانی زمان ڕێگە لە بەرهەمهێنانی ڕستەی نادروست بگرێت و تەنیا ڕستە دروستەکان بەرهەم بهێنێت. (کریم ٢٠٠٢: ٢٢).

### ١-١-٣) پێناسەی بەبەرهەمی:

بەبەرهەمی، لەڕوی پێناسەکردنەوە بەچەند شێوەیەک خراوەتەڕو، بەتایبەت لەڕوی چەندێتی و چۆنێتییەوە باس لە بەبەرهەمی کراوە. بۆ نمونە (بەبەرهەمی، ئەگەری داڕشتن و دەرکەوتنی شێوازی نوێیە، یاخود ئەگەری شیان و گونجانی مۆرفیمەکانە بۆ پێکهێنانی وشەی نوێ). (Baure 2004:25) واتە بەبەرهەمی بەوە دیاریدەکرێت، کە تا چەند توانای سازکردن و داڕشتنی وشەی نوێ هەیە و چەندە چالاک و بەبەرهەمە، یاخود ئەو کەرەستە زمانییە چەندە لەبار و گونجاوە بۆ بەکارهێنانی لە پرۆسەی سازکردنی وشەی نوێدا.

هەر سەبارەت بەبەرهەمی فاسۆلد (Fasold) بەم شێوەیە پێناسەی بەبەرهەمی دەکات: (بەرهەمداری تایبەتمەندییەکی بنەڕەتی زمانی مرۆڤە، کە بەهۆیەوە دەتوانرێت ژمارەیەکی بێکۆتا لە واتای نوێ، بە لێکدانی ئەو فۆرمانەی لە زمانەکەدا هەن، بەگوێرەی یاسا و ڕێساکانی زمانەکە ڕۆبنرێن). (Fasold 2006:512) واتە زمانی مرۆڤ یەکێک لە سیما دیارەکانی ئەوەیە، کە بەبەرهەمە. لەم ڕوانگەیەوە باوەر (Bauer) دەڵێت: (بەرهەمداری تایبەتمەندییەکی سیستەمی زمانە بەگشتی). (Bauer 2004:12) ئەمەش ئەوە دەگەیەنێت، کە مرۆڤ بەهۆی ئەو سیستەمە زمانییە و توانایەی هەیەتی، دەتوانێت کۆمەڵێک پرۆسەی جیاواز ئەنجام بدات و فۆرم و



Original Article / Doi: 10.26750/Vol(9).No(5).Paper10

واتای جیاواز و نوێ بەرهەم بهێنێت. واتە زمانی مرۆڤ ئەو خەسڵەت و گونجاوییەی تێدایە، کە بتوانێت داخوازی ئاخێوەرانی زمانەکە دابین بکات.

لەم ڕوانگەیەوە، بە سەرنجدان لەو پێناسانە و چوارچێوەی سروشتی کارەکەمان، بەلای ئێمەوە شیاوترین پێناسە بۆ بەبەرهەمی، ڕادەی گونجاوی و ژمارەی چالاکی گیرەکانە، بۆ داڕشتن و ڕۆنانی وشەی نوێ، لە پرۆسەیەکی مۆرفۆلۆژیدا بە مەبەستی دەوڵەمەندکردنی فەرهەنگی زمان.

## ٢-١) ناو (Noun)

ناو، وەک پۆلە وشەیەکی فەرهەنگی بە بەشێکی زۆر گرنگی ئاخاوتن دادەنرێت و ڕۆڵێکی یەکجار چالاک و دیار لە زماندا دەبینێت. بەو پێیەی، ناو بە پۆلێکی کراوە و بنەڕەتی وشەکانی زمان دادەنرێت، بۆیە سنور و مەودایەکی فراوانی لە فەرهەنگی هەر زمانێکدا داگیرکردوە، واتە بەشی زۆری وشە فەرهەنگییەکان گوزارشت لە ناو دەکەن، چونکە هەر دیاردە و شتێک کە لە دەرەوە هەبێت، ئەوا لەناو زمانیشدا دەبێت ناوێکی بۆ دابنرێت. مرۆڤ بۆ ناونانی دیاردەکان و پۆلێنکردنی شتەکانی دەوروبەری پێویستی بە بەشە ئاخاوتنێکی گرنگی وەکو ناو هەیە، بۆ ئەوەی شتەکانی پێ دیاریبکات و لە یەکتریان جیابکاتەوە. لەم ڕووەوە، ناو (زاراوەیەکە لە ڕێزماندا بۆ پۆلێنکردنی وشەکان بەکاردێت، بەشێوەیەکی گشتی بۆ ئاماژەکردن بە ناوی کەسێک، شوێنێک، یان شتێک بەکاردێت). (Crystal 2008:333) واتە ناو وشەیەکە بۆ ناونانی گیاندار، یان بێگیان، یاخود بیرێک بەکاردەهێنرێت، بۆ نمونە وەک (کاوە، دار، ئازادی، ...هتد).

سەبارەت بە پرۆسەی ناونان، کە پۆلێنکردن و جیاکردنەوەی شتەکان لە یەکتری دەگرێتەوە، مێژویەکی کۆنی هەیە و هەر لەو کاتەی ژیانی مرۆڤ دەستیپێکردوە، بە مەبەستی ناسینەوە و ئاشنابون پێیان، ناوی لە شتەکانی دەوروبەری خۆی ناوە، ئەمەش بەپێی بیرکردنەوە و تێڕامان لە دیاردە سروشتییەکان و ئەو کەرەستانەی ڕۆژانە بەکاریهێناون، ناوی بۆ شتەکان داناوە. بەم پێیە، (ناولێنان بە واتای گۆڕینی شتێکە بۆ ناوێک). (سیفی ١٣٩٤: ٤) کەواتە ناو وەک دیاردەیەکی کۆمەڵایەتی، بەهۆی ئەو گرنگییەی لە ژیانی مرۆڤدا هەیەتی، هەر کاتێک شتێکی نوێ لەناو کۆمەڵدا پەیدابوە، ئەوا ناوێکی بۆ دانراوە، ئەو ناوانەش چونەتە ناو فەرهەنگی زمانەوە و دەوڵەمەندییان کردوە. بۆیە ناو لە فەرهەنگی زماندا بەشێکی فراوانە و هەر گۆڕانێکی (کۆمەڵایەتی، ئابوری، سیاسی، بازرگانی، ...هتد) ڕوبدات، ڕاستەوخۆ لە بەشەئاخاوتنی ناودا ڕەنگدانەوەی دەبێت.

### ١-٢-١) جۆرەکانی ناو (Kinds of noun)

ناو، لە سەرچاوە زمانەوانییەکاندا بە چەندین شێوە دابەشکراوە، بەڵام ئێمە بەپێی سروشتی کارەکەمان تەنیا لەڕوی هەبونەوە جۆرەکانی ناو دەخەینەڕو.

#### ١-١-٢-١) ناو لەڕوی هەبونەوە

ناو لەڕوی هەبونەوە، یان لەڕوی سەربەخۆیی بونەوە بەسەر دو جۆردا دابەشدەکرێت، کە ئەوانیش ناوی بەرجەستە (کۆنکرێت) و ناوی واتایی (ئەبستراکت)ە.



Original Article / Doi: 10.26750/Vol(9).No(5).Paper10

### ١-٢-١-١-١) ناوی بەرجەستە (Concrete noun)

بەو ناوانە دەوترێت، کە شتی ماددی و هەستپێکراو و بەرجەستەن. هەروەها قەبارە و بونێکی سەربەخۆیان هەیە و شوێنێکیان داگیرکردوە، واتە (ناوێکە ئاماژە بە شتە فیزیکییەکان دەکات، نەک ئاماژە بە چۆنێتی و حاڵەت و کردەیەک بکات). (Richard and Schmidt 2010:114) بەم پێیە، ئەم جۆرە ناوانە دەبێت بەر یەکێک، یان زیاتر لە پێنج هەستەکەی مرۆڤ، وەک (بینین، بیستن، بۆنکردن، تامکردن، دەستلێدان) بکەوێت. کەواتە ناوی ئەو شتانە دەگرێتەوە، کە ئێمە دەتوانین لە جیهانی فیزیکی و بەرجەستەدا ئاماژە، یاخود هەستیان پێبکەین، بۆ نمونە وەک (هەور، با، بۆن، گۆشت، کتێب، ...هتد).

لەم ڕوانگەیەوە، لە هەندێک لە سەرچاوە زمانەوانییەکانی کوردی و بیانی بەشێوەیەک باس لە ناوی بەرجەستە کراوە، کە ئەو شتانەی گوزارشتی لێدەکات، دەبێت ببینرێن و بگیرێن. بۆ نمونە دەوترێت (ئەو ناوەیە، کە قەبارەی هەیە و بەردەست و بەرچاوە، واتە دەگیرێت و دەبینرێت). (کۆڕی زانیاری کورد ٢٠١٨: ٢٨) یاخود دەوترێت (ناوی شتێکە، کە بەرجەستەیە و دەتوانرێت دەستی لێبدرێت). (Trask 2000:31) بەڵام بە بۆچونی زۆربەی زمانەوانان ناوی بەرجەستە لەسەر بنەمای بەرکەوتنی یەکێک لە پێنج هەستەکەی مرۆڤ جیاکراوەتەوە، نەوەکو تەنیا بینین و دەستلێدان پێوەر بێت. بۆ نمونە (دەنگ، هەوا)، کە ناوی بەرجەستەن نەدەبینرێن و نەدەستیان لێدەدرێت، بەڵام بەر هەستی بیستن دەکەون. بۆیە هەر شتێک بونی هەبێت و کاربکاتە سەر ئەندامەکانی هەستکردنی مرۆڤ، ئەوا بە ناوی بەرجەستە دادەنرێت.

هەر لەم بارەیەوە، پێویستە ئاماژە بەوەش بکرێت، کە منداڵ هەر لە سەرەتای تەمەنی و کاتی وەرگرتن و زمانپژاندا، گرنگییەکی زۆر بە وشەی بەرجەستە دەدات، واتە (زۆربەی منداڵان لەو تەمەنە کەمەدا زۆر پشت بە خۆیان دەبەستن و بەشێوەیەکی سەرسوڕهێنەر وشەیەکی زۆر فێردەبن، کە ئەم وشانەش زۆربەیان ناوی بەرجەستەن). (Hudson 2000:126) ئەمەش بۆ ئەوە دەگەڕێتەوە، منداڵ لەم قۆناغەدا ئەو شتانەی، کە لە دەوروبەری بەرجەستە و ناسراون فێردەبێت، واتە زیاتر ئەو ناوانە فێردەبێت، کە دەتوانرێت لە دەرەوەی زمان بە شتی واقیعی و بەرجەستەوە ببەسترێنەوە.

### ١-٢-١-١-٢) ناوی واتایی (Abstract noun)

ناوی واتایی، لە بەرانبەر زاراوەی ئەبستراکتی ئینگلیزی بەکارهاتوە، ئەویش لە (وشەی ئەبستراکتۆی لاتینی وەرگیراوە، کە بیرێک یاخود مەفهومێک دەگەیەنێت). (صديق ١٩٧٥: ٤٢٠) بەم پێیە، ناوی واتایی ناوێکە بونێکی سەربەخۆی نییە، بەڵکو وەکو چەمک لە بیر و خەیاڵدا وێنەی بۆ دەکێشرێت. واتە (زاراوەیەکی ڕێزمانییە، بۆ باسکردنی ئەو ناوانەی، کە بونێکی فیزیکییان نییە، بەکاردەهێنرێت). (Crystal 2008:3).

ناوی واتایی وەک چەمکێک گوزارشت لە شتێک دەکات، کە بەشێوەی هزریی مامەڵەی لەگەڵدا دەکرێت و پەیوەندی بە شتی بەرجەستەوە نییە. بەجۆرێک کە (ئاماژە بە هیچ شتێکی فیزیکی، یان کۆنکریتی ناکات، بەشێوەیەکی گشتی ناوی واتایی ئاماژە بەڕوداو و چالاکی دەکات، یان ئاماژە بە چۆنیەتی دەکات، یاخود دیاردەی تێگەیشتن بە مێشک دەگرێتەوە). (Leech 2006:5) کە ئەمانەش پێچەوانەی ناوی بەرجەستەن، واتە ئەم جۆرە ئاماژانە گوزارشت لە هەندێک دیاردە دەکەن، کە بونی ماددییان نییە، بەڵکو پرۆسەیەکی هزرییە مرۆڤ لە ڕێگەی بیر و خەیاڵەوە پەییان پێدەبات و شێوەیان بۆ دروستدەکات.



Original Article / Doi: 10.26750/Vol(9).No(5).Paper10

لەم ڕوانگەیەوە، لە زمانی کوردیدا ناوی واتایی لەڕوی پێکهاتەوە بەسەر دو جۆردا دابەشدەکرێت، ئەوانیش ناوی واتایی (بنجی و داڕێژراو) دەگرێتەوە. (محەمەد ٢٠١٦: ٦٨) بەم شێوەیە:

یەکەم: ناوی واتایی بنجی: ئەو ناوانە دەگرێتەوە، کە لە بنەڕەتدا ناوی واتایین، وەک (خەم، باوەڕ، ...هتد).

دوەم: ناوی واتایی داڕێژراو: ئەو ناوانە دەگرێتەوە، کە لە ڕێگەی وشەیەکی ترەوە بە یارمەتی پاشگر دروستدەکرێن، بەشێوەیەک کە (زۆربەی ناوە واتاییەکان لە ناوەکان، یان لە ئاوەڵناوەکان، یاخود لە کارەکانەوە وەرگیراون). (Leech 2006:5) ئەم وشانەش بەهۆی پاشگرەوە دادەڕێژرێن، یان هەندێکجار لەڕێگەی ژمارەکانەوە پاشگریان بۆ زیاددەکرێت و ناوی واتایی داڕێژراویان لێ دروستدەکرێت، بۆ نمونە وەک (منداڵی، جوانی، پرسە، چلە، سەدە، ...هتد).

### ١-٢-١-١-٢-١) پۆلێنکردنی ناوی واتایی

ناوی واتایی لەڕوی چەمکەوە بۆ چەند جۆرێک پۆلێندەکرێت، کە لێرەدا تەنیا ئاماژەیان پێدەکەین، هەوڵدەدەین لە بەشی دوەمدا زیاتر ڕونکردنەویان بۆ بکەین و ڕێژەی چالاکی و ڕادەی بەرهەمدارییان بخەینەڕو. ناوە واتاییەکان لەڕوی چەمک و ئەو بوارەی دەیگەیەنن، بریتین لە ئەمانەی خوارەوە:

١- ناوی واتایی حاڵەتی کۆمەڵایەتی، وەک: دۆستایەتی، خزمایەتی، باوکایەتی، ...هتد.

٢- ناوی واتایی ڕواڵەت، وەک: گەرما، سەرما، تاڵی، ...هتد.

٣- ناوی واتایی تایبەتمەندی، وەک: ئازایەتی، قارەمانێتی، مەردایەتی، ...هتد.

٤- ناوی واتایی پیشە، وەک: ئاسنگەری، مسگەری، ددانسازی، ...هتد.

٥- ناوی واتایی کات، وەک: سەدە، چلە، حەفتە، ...هتد.

٦- ناوی واتایی کردە و چالاکی، وەک: کوشتار، گوتار (وتار)، کردار، ...هتد.

٧- ناوی واتایی نەخۆشی، وەک: شەکرە، گەشکە، ئاگرە، ...هتد.

٨- ناوی واتایی بارستایی، وەک: فراوانی، قورسایی، درێژایی، ...هتد.

٩- ناوی واتایی بەخشیش، وەک: شاگردانە، جەژنانە، ...هتد.

١٠- ناوی واتایی باری کەسێتی، وەک: کچێنی، کوڕێنی، بوکێنی، ...هتد.

١١- ناوی واتایی تەمەن، وەک: منداڵی، گەنجی، پیری، ...هتد.

١٢- ناوی واتایی جوڵە، وەک: خێرایی، هێواشی، ...هتد.

١٣- ناوی واتایی ڕەنگ، وەک: ڕەشێتی، سورێتی، زەردێتی، ...هتد.

١٤- ناوی واتایی نرخ و بەها، وەک: هەرزانی، گرانی، ...هتد.

١٥- ناوی واتایی حاڵەتی دەرونی، وەک: ڕاڕایی، شێتی، تورەیی، ...هتد.

١٦- ناوی واتایی باج، وەک: سەرانە، سورانە، بارانە، ...هتد.

١٧- ناوی واتایی دەنگی سروشتی، وەک: کۆکە، پژمە، ناڵە، ...هتد.

١٨- ناوی واتایی ڕوداو، وەک: مردن، بردن، کردن، ...هتد.



Original Article / Doi: 10.26750/Vol(9).No(5).Paper10

## بەشی دووەم: بەبەرهەمیی گیرەکەکان لە دروستکردنی جۆرەکانی ناوی واتایی

هەروەکو لە بەشی یەکەم ئاماژەی پێدراوە، ناوی واتایی بۆ چەند جۆرێکی دیکەی ناو پۆلێندەکرێت، هەوڵدەدەین بەبەرهەمیی گیرەکەکانی هەر جۆرێک بخەینەڕو.

### ٢-١) بەبەرهەمیی گیرەکەکان لە دروستکردنی ناوی واتایی حاڵەتی کۆمەڵایەتی

ئەم جۆرە ناوە لەڕوی چەمکەوە گوزارشت لە پەیوەندییە کۆمەڵایەتییەکان و نەریت و هەڵسوکەوت و چۆنیەتی ڕەفتار و چالاکی مرۆڤ لەگەڵ دەوروبەرەکەیدا دەکات. بەپێی داتای توێژینەوەکەمان و لە کۆی ئەو ٥٠١ ناوە داڕێژراوە واتاییانەی کارمان لەسەر کردون، وەک لە خشتەی ژمارە (١) پیشاندراوە، ٤٦ ناوی داڕێژراوی واتایی حاڵەتی کۆمەڵایەتی هەیە، کە ڕێژەکەی ٩،١٨٪ لە کۆی گشتی ناوە داڕێژراوەکان پێکهێناوە. ڕێژەی بەبەرهەمیی گیرەکەکان لە دروستکردنی ئەم جۆرە ناوە بەم شێوەیە دەخەینەڕو:

| گیرەک | قاڵب | ژمارەی ناوی حاڵەتی کۆمەڵایەتی | ڕێژەی بەبەرهەمی لە ناوی داڕێژراوی حاڵەتی کۆمەڵایەتی | ڕێژەی بەبەرهەمی لە کۆی گشتی ناوە داڕێژراوەکان |
|---|---|---|---|---|
| /-ایەتی/ | بنکە+ پاشگر | ١٧ | ٣٦،٩٦٪ | ٣،٣٩٪ |
| /-ی/ | بنکە+ پاشگر | ١٤ | ٣٠،٤٣٪ | ٢،٧٩٪ |
| /-ەتی،-یتی/ | بنکە+ پاشگر | ١٠ | ٢١،٧٤٪ | ٢٪ |
| /-ە/ | بنکە+ پاشگر | ٤ | ٨،٧٠٪ | ٠،٨٠٪ |
| / -ینی/ | بنکە+ پاشگر | ١ | ٢،١٧٪ | ٠،٢٠٪ |
| کۆی گشتی | | ٤٦ | ١٠٠٪ | ٩،١٨٪ |

خشتەی ژمارە (١) ڕێژەی بەبەرهەمیی گیرەکەکان لە داڕشتنی ناوی حاڵەتی کۆمەڵایەتی




وێنەی ژمارە (١) ڕێژەی بەبەرهەمیی گیرەکەکان لە داڕشتنی ناوی حاڵەتی کۆمەڵایەتی

بەپێی وێنەی ژمارە (١)، /-ایەتی/ گیرەکێکی چالاک و بەبەرهەمە، ئەم گیرەکە بێجگە لە گەیاندنی چەمکی پەیوەندییە کۆمەڵایەتییەکان چەمکی شوێنیش دەگەیەنێت، وەک (مەنگوڕایەتی، باڵەکایەتی، ...هتد). ڕێژەی ٣٦،٩٦٪ ناوی داڕێژراوی حاڵەتە کۆمەڵایەتییەکانی دروستکردوە. بەشێوەیەکی گشتی لەگەڵ دو بنکەی جیاواز دەردەکەوێت.

أ) ناوی سادە + /-ایەتی/ ← ناوی حاڵەتی کۆمەڵایەتی

١) باوکایەتی، دایکایەتی، خزمایەتی، خوشکایەتی، دۆستایەتی، دوژمنایەتی، دەروێشایەتی، کوردایەتی، کۆمەڵایەتی، مرۆڤایەتی، نەتەوایەتی، بەندایەتی، حیزبایەتی، جاشایەتی، ...هتد.



Original Article / Doi: 10.26750/Vol(9).No(5).Paper10

ب) ئاوەڵناوی سادە + /-ایەتی/ ← ناوی حاڵەتی کۆمەڵایەتی

٢) دڒایەتی، سوکایەتی، کەمایەتی، ... هتد.

/-ی/: ئەم گیرەکە بەبەرهەمە، ڕێژەی ٣٠،٤٣٪ ناوی دارِێژراوی حاڵەتی کۆمەڵایەتی دروستکردوە، واتە لە گەیاندنی چەمکی واتایی (حاڵەتی کۆمەڵایەتی، پیشە، تایبەتمەندی، ڕواڵەت، بارستایی، حاڵەتی دەرونی، تەمەن، جوڵە، نرخ و بەها) بەشدارە، بۆیە (بە گیرەکێکی بەرهەمداری زمانی کوردی دادەنرێت، چونکە ژمارەیەکی یەگجار زۆری لە ناوی واتایی، دروستکردوە). (صدیق ١٩٧٥: ٤٩٤) هەریەک لە بنکەکانی ناوی (سادە و دارِێژراو)، ئاوەڵناوی (سادە و دارِێژراو) ئەم گیرەکە وەردەگرن، هەر کاتێک بنکەکە کۆتایی بە دەنگی بزوێن هاتبێت، ئەوا شێوەکەی دەبێت بە /-یی/، بەم شێوەیە:

أ) ناوی سادە/دارِێژراو + /-ی/ ← ناوی حاڵەتی کۆمەڵایەتی

٣) برایی، هاوبەشی، هاوخەمی، هاودەردی، هاوشاری، هاوکاری، هاونیشتمانی، هاووڵاتی، کۆچەری، ...هتد.

ب) ئاوەڵناوی سادە/دارِێژراو + /-ی/ ← ناوی حاڵەتی کۆمەڵایەتی

٤) هەژاری، گەندەڵی، ناپاکی، بێکاری، نارِەوایی، ...هتد.

/-ەتی، -ێتی/: ئەم دو شێوەیە هەردوکیان هەریەک پاشگرن، بەڵام هەرچی /-ەتی/یە بەکارهێنانی زیاترە. (حاجی مارف ٢٠١٤: ١٢٤) هەروەها بۆ دارِشتنی ناوی شوێنیش بەکاردێت، وەک (جافەتی، ئاکۆیەتی، ...هتد). لەڕوی چالاکی و بەبەرهەمییەوە بەرهەمیان مامناوەندە، ڕێژەی ٢١،٧٤٪ ناوی دارِێژراوی حاڵەتی کۆمەڵایەتی سازدەکەن، دەچنە سەر بنکەی ناوی (سادە و دارِێژراو)، هەر کاتێک بنکەکە کۆتایی بە دەنگی بزوێن هاتبێت، ئەوا پاشگری /-ەتی/ بەشێوەی /-یەتی/ دەردەکەوێت، کە ئەمەش بە یاسای فۆنۆلۆژی زمانی کوردییەوە پەیوەستە، بۆ نمونە:

ناوی سادە/دارِێژراو + /-ەتی، -ێتی/ ← ناوی حاڵەتی کۆمەڵایەتی

٥) ئاغایەتی، برایەتی، پاشایەتی، مەلایەتی، کوێخایەتی، ئامۆزایەتی، شارستانێتی، هاوسەرێتی، هاورِییەتی، پیشەوایەتی، ...هتد.

/-ە/: بۆ دارِشتنی ناوی حاڵەتی کۆمەڵایەتی بە کەم بەرهەم دادەنرێت، تەنیا ڕێژەی ٨،٧٠٪ ناوی دارِێژراوی ئەو حاڵەتەی دروستکردوە، دەچێتە سەر دو بنکەی جیاواز، بەم شێوەیە:

أ) ناوی سادە + /-ە/ ← ناوی حاڵەتی کۆمەڵایەتی

٦) بۆنە، تیرە، ...هتد.

ب) ڕەگی کاری سادە + /-ە/ ← ناوی حاڵەتی کۆمەڵایەتی

٧) پرسە، کێشە، ...هتد.

/-ینی/: ئەم گیرەکە تەنیا ڕێژەی ٢،١٧٪ ناوی حاڵەتی کۆمەڵایەتی دروستکردوە، بۆیە بە کەم بەرهەمترین گیرەکی دارِشتنی ئەو بوارە دادەنرێت، دەچێتە سەر بنکەی ناوی دارِێژراو، بۆ نمونە:

٨) ماتەمینی، ...هتد.



Original Article / Doi: 10.26750/Vol(9).No(5).Paper10

## ٢-٢) بەبەرهەمیی گیرەکەکان لە دروستکردنی ناوی واتایی ڕواڵەت

ناوی واتایی ڕواڵەت، زیاتر بە واتای دۆخی فیزیکی شتەکان، یاخود باروحاڵەتی گیانلەبەر دێت. وەک لە خشتەی ژمارە(٢) دیارە، ٤١ ناوی داڕێژراوی ڕواڵەت هەیە، کە ڕێژەکەی ٨،١٨٪ لە کۆی گشتی داتاکە پێکهێناوە. ڕێژەی بەبەرهەمیی گیرەکەکان بەم شێوەیە پیشاندەدرێت:

| گیرەک | قاڵب | ژمارەی ناوی ڕواڵەت | ڕێژەی بەبەرهەمی لە ناوی داڕێژراوی ڕواڵەت | ڕێژەی بەبەرهەمی لە کۆی گشتی ناوە داڕێژراوەکان |
|---|---|---|---|---|
| /ـی/ | بنکە+ پاشگر | ٢٥ | ٪٦٠،٩٧ | ٪٤،٩٩ |
| /ـایی/ | بنکە+ پاشگر | ١٢ | ٪٢٩،٢٧ | ٪٢،٣٩ |
| /ـا/ | بنکە+ پاشگر | ٢ | ٪٤،٨٨ | ٪٠،٤٠ |
| /ـە/ | بنکە+ پاشگر | ٢ | ٪٤،٨٨ | ٪٠،٤٠ |
| کۆی گشتی | | ٤١ | ٪١٠٠ | ٪٨،١٨ |

خشتەی ژمارە (٢) ڕێژەی بەبەرهەمیی گیرەکەکان لە داڕشتنی ناوی ڕواڵەت




وێنەی ژمارە (٢) ڕێژەی بەبەرهەمیی گیرەکەکان لە داڕشتنی ناوی ڕواڵەت

وەک لە وێنەی ژمارە (٢) دەردەکەوێت، /ـی/ یەکێکە لە گیرەکە بەبەرهەمەکان، ڕێژەی ٦٠،٩٧٪ ناوی واتایی ڕواڵەت بەم پاشگرە دروستدەکرێن، بنکەی ئاوەڵناوی (سادە و داڕێژراو) ئەم پاشگرە وەردەگرن.

أ) ئاوەڵناوی سادە + /ـی/ ← ناوی ڕواڵەت

٩) تاڵی، تیژی، خەستی، سوێری، زبری، خۆشی، ڕاستی، شەلی، قەڵەوی، کوێری، کەڕی، تاریکی، چاکی، پاکی، جوانی، ئازادی، ...هتد.

ب) ئاوەڵناوی داڕێژراو + /ـی/ ← ناوی ڕواڵەت

١٠) شیرینی، ناخۆشی، ناڕاستی، ناساغی، ناشیرینی، نەخۆشی، ڕوناکی، نەساغی، نارەحەتی، ...هتد.

/ـایی/: ئەم گیرەکە توانای بەبەرهەمی مامناوەندە، تەنیا ڕێژەی ٢٩،٢٧٪ ناوی داڕێژراوی ڕواڵەت دروستدەکات، بنکەی ئاوەڵناوی (سادە و داڕێژراو) هەڵدەبژێرێت.

ئاوەڵناوی سادە/داڕێژراو + /ـایی/ ← ناوی ڕواڵەت

١١) تەڕایی، تیژایی، ڕەشایی، ڕەقایی، ساردایی، سپیایی[أ]، فێنکایی، نەرمایی، وشکایی، کوێرایی، ڕوناکایی، شیرنایی، ...هتد.



Original Article / Doi: 10.26750/Vol(9).No(5).Paper10

هەر یەک لە گیرەکەکان /–ا/ ، /–ە/ تەنیا بە ڕێژەی ٤،٨٨٪ لە دروستکردنی ناوی ڕواڵەت بەشدارن، دەچنە سەر بنکەی ئاوەڵناوی سادە و بە کەم بەرهەمترین گیرەکەکانی ڕۆنانی ئەو بوارە دادەنرێن.

١٢) /–ا/: سەرما،(ii) گەرما، ...هتد.

١٣) /–ە/: خراپە، چاکە، ...هتد.

## ٢-٣) بەبەرهەمیی گیرەکەکان لە دروستکردنی ناوی واتایی تایبەتمەندیی

ناوی واتایی تایبەتمەندیی، جۆرێک لە تایبەتمەندیی شت یان مرۆڤ و گیانلەبەر دەگرێتەوە. وەک لە خشتەی ژمارە (٣) دەردەکەوێت، ٣٤ ناوی واتایی تایبەتمەندیی هەیە، ڕێژەی ٦،٧٩٪ لە کۆی گشتی ناوە داڕێژراوەکان پێکهێناوە. ڕێژەی بەبەرهەمیی گیرەکەکان بەم شێوەیە دەخەینەڕو:

| گیرەک | قاڵب | ژمارەی ناوی تایبەتمەندیی | ڕێژەی بەبەرهەمی لە ناوی داڕێژراوی تایبەتمەندیی | ڕێژەی بەبەرهەمی لە کۆی گشتی ناوە داڕێژراوەکان |
|---|---|---|---|---|
| /–ی/ | بنکە+ پاشگر | ٢٥ | ٧٣،٥٣٪ | ٤،٩٩٪ |
| /–ەتی، –یَتی/ | بنکە+ پاشگر | ٥ | ١٤،٧١٪ | ١٪ |
| /–ایەتی/ | بنکە+ پاشگر | ٤ | ١١،٧٦٪ | ٠،٨٠٪ |
| کۆی گشتی | | ٣٤ | ١٠٠٪ | ٦،٧٩٪ |

خشتەی ژمارە (٣) ڕێژەی بەبەرهەمیی گیرەکەکان لە داڕشتنی ناوی تایبەتمەندیی




وێنەی ژمارە (٣) ڕێژەی بەبەرهەمیی گیرەکەکان لە داڕشتنی ناوی تایبەتمەندیی

بەپێی وێنەی ژمارە (٣)، /–ی/ یەکێکە لە گیرەکە بەبەرهەمەکانی داڕشتنی ناوی تایبەتمەندیی، کە ڕێژەی ٧٣،٥٣٪ بەهۆی ئەم پاشگرە دروستدەکرێن، دەچێتە سەر بنکەی ئاوەڵناوی (سادە و داڕێژراو) بەم شێوەیە:

أ) ئاوەڵناوی سادە + /–ی/ ← ناوی تایبەتمەندیی

١٤) ژیری، گەمژەیی، تەمەڵی، نەزۆکی، ...هتد.

ب) ئاوەڵناوی داڕێژراو + /–ی/ ← ناوی تایبەتمەندیی

١٥) بێدەنگی، بێدینی، بێهۆشی، فێڵبازی، ناپیاوی، نامەردی، نەفامی، نەزانی، پیسکەیی، بێوەفایی، بەهێزی، بەپێزی، بەجەرگی، بەبەرهەمی، نەمری، دینداری، ناوداری، بێویژدانی، بێهێزی، بێپێزی، بێبەرهەمی، ...هتد.

/–ەتی، –یَتی/: ئەم گیرەکە لە داڕشتنی ناوی واتایی تایبەتمەندیی کەم بەرهەمە، تەنیا ڕێژەی ١٤،٧١٪ ناوی تایبەتمەندیی دروستکردووە و دو بنکەی جیاواز هەڵدەبژێرێت.

أ) ناوی سادە + /–ەتی/ ← ناوی تایبەتمەندی

١٦) پیاوەتی، ...هتد


Original Article / Doi: 10.26750/Vol(9).No(5).Paper10

ب) ئاوەڵناوی سادە + /–ەتی، –ێتی/ ← ناوی تایبەتمەندیی

١٧) ئازایەتی، گەورەیەتی، خوێرپەتی/خوێرێتی، قارەمانیەتی/قارەمانێتی، ...هتد.

/–ایەتی/: ئەم گیرەکەش لە داڕشتنی ناوی واتایی تایبەتمەندیی کەم بەرهەمە، تەنیا ڕێژەی ١١،٧٦٪ ناوی داڕێژراوی ئەو بوارەی دروستکردوە، لەگەڵ دو بنکەی جیاوازدا دەردەکەوێت.

أ) ناوی سادە + /–ایەتی/ ← ناوی تایبەتمەندیی

١٨) کەسایەتی، کەرایەتی، ...هتد.

ب) ئاوەڵناوی سادە + /–ایەتی/ ← ناوی تایبەتمەندیی

١٩) مەردایەتی، مەزنایەتی، ...هتد.

## ٢-٤) بەبەرهەمیی گیرەکەکان لە دروستکردنی ناوی واتایی پیشە

وەک لە خشتەی ژمارە (٤) دەردەکەوێت، ٤٠ ناوی داڕێژراوی واتایی پیشە هەیە و ڕێژەی ٧،٩٨٪ لە کۆی گشتی داتاکە پێکهێناوە. ڕێژەی بەبەرهەمیی گیرەکەکان بەم شێوەیە پیشاندەدرێت:

| گیرەک | قاڵب | ژمارەی ناوی پیشە | ڕێژەی بەبەرهەمی لە ناوی داڕێژراوی پیشە | ڕێژەی بەبەرهەمی لە کۆی گشتی ناوە داڕێژراوەکان |
|---|---|---|---|---|
| /–ی/ | بنکە+ پاشگر | ٣٠ | ٧٥٪ | ٥،٩٨٪ |
| /–ەتی، –ێتی/ | بنکە+ پاشگر | ١٠ | ٢٥٪ | ٢٪ |
| کۆی گشتی | | ٤٠ | ١٠٠٪ | ٧،٩٨٪ |

خستەی ژمارە (٤) ڕێژەی بەبەرهەمیی گیرەکەکان لە داڕشتنی ناوی پیشە




وێنەی ژمارە(٤) ڕێژەی بەبەرهەمیی گیرەکان لە داڕشتنی ناوی پیشە

وەک لە وێنەی ژمارە (٤) پیشاندراوە، /–ی/ گیرەکێکی چالاک و بەبەرهەمیی ناوی واتایی پیشەیە، ڕێژەی ٧٥٪ ناوەکانی ئەم بوارەی دروستکردوە، لەگەڵ بنکەی ناوی (سادە و داڕێژاو) دەردەکەوێت.

أ) ناوی سادە + /–ی/ ← ناوی پیشە

٢٠) بازرگانی، قەسابی، هەلاجی، حەماڵی، شوفێری، جۆلایی، ...هتد.

ب) ناوی داڕێژراو + /–ی/ ← ناوی پیشە

٢١) ئاسنگەری، پاسەوانی، شاخەوانی، کەشتییەوانی، گاوانی، مسگەری، مەلەوانی، ناڵبەندی، نانەوایی، ڕۆژنامەوانی، نانکەری، چەخماخسازی، ددانسازی، دوکانداری، مەرداری، فرۆکەوانی، باخەوانی، جوتیاری، سەربازی، کیمیاگەری، هونەرمەندی، دەریاوانی، کرێاری، فرۆشیاری، ...هتد.


Original Article / Doi: 10.26750/Vol(9).No(5).Paper10

/-ەتی، -ێتی/: ئەم دو شێوەیە هەرچەندە، لە زۆربەی ئەو نمونانەی، کە لە ژمارە (٢٢)دا دەخرێنەڕو لە جیاتی یەکتری بەکاردەهێنرێن، بەڵام لەبەرئەوەی ناوەکان بە پاشگری /-چی/ دارێژراون، بۆیە لەڕوی ئاسانی دەربڕینەوە زیاتر شێوەی /-ێتی/ وەردەگرن، واتە ئەم پاشگرە بۆ دروستکردنی ناوی پیشە بنکەی ناوی دارێژراو هەڵدەبژێرێت. لەڕوی بەبەرهەمییەوە بەرهەمی مامناوەندە، ڕێژەی ٢٥٪ ناوە دارێژراوە پیشەییەکان دروستدەکات.

ناوی دارێژراو + /-ەتی ،-ێتی/ ← ناوی پیشە

٢٢) پینەچێتی/پینەچیەتی، شەربەتچێتی، تەنەکەچێتی، پۆستەچێتی، بۆیاخچێتی، کەبابچێتی، حەمامچێتی، کاروانچێتی، پەنچەرچێتی، چاپچێتی، ...هتد.

## ٢-٥) بەبەرهەمیی گیرەکەکان لە دروستکردنی ناوی واتایی کات

بەپێی ئەو خشتەیەی لە ژمارە (٥) پیشاندەدرێت، تەنیا ١٢ ناوی واتایی کات هەیە و ڕێژەی ٢،٤٠٪ لە کۆی گشتی داتاکە پێکهێناوە. ڕێژەی بەبەرهەمیی گیرەکەکان بەم شێوەیە دەخەینەڕو:

| گیرەک | قاڵب | ژمارەی ناوی کات | ڕێژەی بەبەرهەمی لە ناوی دارێژراوی کات | ڕێژەی بەبەرهەمی لە کۆی گشتی ناوە دارێژراوەکان |
|---|---|---|---|---|
| /-انە/ | بنکە+ پاشگر | ٦ | ٥٠٪ | ١،٢٠٪ |
| /-ە/ | بنکە+ پاشگر | ٣ | ٢٥٪ | ٠،٦٠٪ |
| /-گار/ | بنکە+ پاشگر | ٢ | ١٦،٦٧٪ | ٠،٤٠٪ |
| /-ین/ | بنکە+ پاشگر | ١ | ٨،٣٣٪ | ٠،٢٠٪ |
| کۆی گشتی | | ١٢ | ١٠٠٪ | ٢،٤٠٪ |

خشتەی ژمارە (٥) ڕێژەی بەبەرهەمیی گیرەکەکان لە دارشتنی ناوی کات




وێنەی ژمارە (٥) ڕێژەی بەبەرهەمیی گیرەکەکان لە دارشتنی ناوی کات

وەک لە وێنەی ژمارە (٥) دیارە، ڕێژەی ٥٠٪ ناوی کات بە یارمەتی پاشگری /-انە/ دروستدەکرێن. ئەم گیرەکە سەرەڕای چەمکی کات چەمکی (باج و بەخشیش)ی تێدایە، بەڵام بە گیرەکێکی کەم بەرهەم دادەنرێت، چونکە توانای دارشتنی وشەی زۆری نییە، بەگشتی لەگەڵ دو بنکەی جیاوازدا دەردەکەوێت.

أ) ژمارە + /-انە/ ← ناوی کات

٢٣) حەفتانە، ...هتد.

ب) ناوی سادە + /-انە/ ← ناوی کات

٢٤) مانگانە، ڕۆژانە، ساڵانە، وەرزانە، شەوانە، ...هتد.



Original Article / Doi: 10.26750/Vol(9).No(5).Paper10

/-ە/: ئەم گیرەکە ڕێژەی ٢٥٪ ناوی واتایی کات دادەڕێژێت، بەڵام کەم بەرهەمە، چونکە توانای دارِشتنی چەند وشەیەکی کەمی ئەم بوارەی هەیە و تەنیا لەگەڵ بنکەی ژمارەدا دەردەکەوێت.

ژمارە + /-ە/ ← ناوی کات

٢٥) حەفتە (حەوتە)، سەدە، چلە، ...هتد.

/-گار/: گیرەکێکی کەم بەرهەمە و ڕێژەی ١٦،٦٧٪ ناوی دارِێژراوی کات سازدەکات، لەگەڵ بنکەی ناوی سادەدا دێت.

ناوی سادە + /-گار/ ← ناوی کات

٢٦) ڕۆژگار، شەوگار، ...هتد.

/-ین/: بە کەم بەرهەمترین گیرەک دادەنرێت، تەنیا ڕێژەی ٨،٣٣٪ ناوی دارِێژراوی کات سازدەکات، لەگەڵ بنکەی ناوی سادەدا دەردەکەوێت، وەک:

٢٧) پێشین، ...هتد.

## ٢-٦) بەبەرهەمیی گیرەکەکان لە دروستکردنی ناوی واتایی کردە و چالاکی

وەک لە خشتەی ژمارە (٦) دەخرێتەڕو، تەنیا ٦ ناوی دارِێژراوی کردە و چالاکی هەیە، ڕێژەی ١،٢٠٪ لە کۆی گشتی داتاکە پێکهێناوە. بەبەرهەمیی گیرەکەکان بەم شێوەیە دەخرێتەڕو.

| گیرەک | قاڵب | ژمارەی ناوی کردە و چالاکی | ڕێژەی بەبەرهەمی لە ناوی دارِێژراوی کردە وچالاکی | ڕێژەی بەبەرهەمی لە کۆی گشتی ناوە دارِێژراوەکان |
|---|---|---|---|---|
| /-ار/ | بنکە+ پاشگر | ٤ | ٪٦٦،٦٧ | ٪٠،٨٠ |
| /-ش/ | بنکە+ پاشگر | ٢ | ٪٣٣،٣٣ | ٪٠،٤٠ |
| کۆی گشتی | | ٦ | ٪١٠٠ | ٪١،٢٠ |

خشتەی ژمارە (٦) ڕێژەی بەبەرهەمیی گیرەکەکان لە دارِشتنی ناوی کردە و چالاکی




وێنەی ژمارە (٦) ڕێژەی بەبەرهەمیی گیرەکەکان لە دارِشتنی ناوی کردە وچالاکی

بەپێی وێنەی ژمارە (٦)، /-ار/ ڕێژەی ٦٦،٦٧٪ ناوی کردە و چالاکی دروستکردوە، هەروەها ئەم پاشگرە چەمکی شوێنیشی تێدایە وەک (لێوار، بنار، ...هتد)، بەڵام گیرەکێکی کەم بەرهەمە، تەنیا توانای دروستکردنی چەند ناوێکی دارِێژراوی هەیە، بنکەی قەدی کاری سادە ئەم گیرەکە وەردەگرێت.

قەدی کاری سادە + /-ار/ ← ناوی کردە و چالاکی

٢٨) کوشتار، کردار، پرسیار، وتار (گوتار)، ...هتد.



Original Article / Doi: 10.26750/Vol(9).No(5).Paper10

/-ش/: ئەم گیرەکە چەمکی ناوی (باج)یشی تیدایە، بەلاّم بە کەم بەرهەمترین گیرەکی دارِشتنی ناوی کردە و چالاکی دادەنریت، دەچیتە سەر بنکەی رەگی کاری سادە و تەنیا لەگەلّ دو نمونەدا دەبینریت.

رەگی کاری سادە + /-ش/ ← ناوی کردە و چالاکی

٢٩) کۆشش، پەرستش، ...هتد.

## ٢-٧) بەبەرهەمیی گیرەکەکان لە دروستکردنی ناوی واتایی نەخۆشی

وەک لە خشتەی ژمارە (٧) دەردەکەویت، تەنیا ٤ ناوی دارِیژراوی نەخۆشی هەیە، ریژەی ٠،٨٠٪ لە کۆی گشتی ناوە دارِیژراوەکان پیکهیناوە. ریژەی بەبەرهەمیی گیرەکەکان بەم شیوەیە دەخرینەرِو:

| گیرەک | قالّب | ژمارەی ناوی نەخۆشی | ریژەی بەبەرهەمی لە ناوی دارِیژراوی نەخۆشی | ریژەی بەبەرهەمی لە کۆی گشتی ناوە دارِیژراوەکان |
|---|---|---|---|---|
| /-کە/ | بنکە+ پاشگر | ٢ | ٥٠٪ | ٠،٤٠٪ |
| /-ە/ | بنکە+ پاشگر | ٢ | ٥٠٪ | ٠،٤٠٪ |
| کۆی گشتی | | ٤ | ١٠٠٪ | ٠،٨٠٪ |

خشتەی ژمارە (٧) ریژەی بەبەرهەمیی گیرەکەکان لە دارِشتنی ناوی نەخۆشی




وینەی ژمارە (٧) ریژەی بەبەرهەمیی گیرەکەکان لە دارِشتنی ناوی نەخۆشی

بەپیی وینەی ژمارە (٧)، /-کە/ گیرەکیکە بە ریژەی ٥٠٪ لە دارِشتنی ناوی نەخۆشیدا بەشدارە. بەلاّم چالاک نییە و بەرهەمی کەم و سنوردارە، بنکەی ئاوەلّناوی سادە هەلّدەبژیریت.

ئاوەلّناوی سادە + /-کە/ ← ناوی نەخۆشی

٣٠) گەشکە، شەلکە[iii]، ...هتد.

/-ە/: ئەم گیرەکە لە دارِشتنی ناوی نەخۆشیدا بەبەرهەم نییە و لەگەلّ بنکەی ناوی سادەدا دەردەکەویت.

ناوی سادە + /-ە/ ← ناوی نەخۆشی

٣١) شەکرە، ئاگرە[iv]، ...هتد.

## ٢-٨) بەبەرهەمیی گیرەکەکان لە دروستکردنی ناوی واتایی بارستایی

وەک لە خشتەی ژمارە (٨) دەردەکەویت، ١٣ ناوی دارِیژراوی بارستایی هەیە، ریژەی ٢،٥٩٪ لە کۆی گشتی داتاکە پیکهیناوە. ریژەی بەبەرهەمیی گیرەکەکان بەم شیوەیە پیشاندەدرین:



Original Article / Doi: 10.26750/Vol(9).No(5).Paper10

| گیرەک | قاڵب | ژمارەی ناوی بارستایی | ڕێژەی بەبەرهەمی لە ناوی داڕێژراوی بارستایی | ڕێژەی بەبەرهەمی لە کۆی گشتی ناوە داڕێژراوەکان |
|---|---|---|---|---|
| /ـی/ | بنکە+ پاشگر | ٧ | ٪٥٣،٨٥ | ٪١،٣٩ |
| /ـایی/ | بنکە+ پاشگر | ٦ | ٪٤٦،١٥ | ٪١،٢٠ |
| کۆی گشتی | | ١٣ | ٪١٠٠ | ٪٢،٥٩ |

خشتەی ژمارە (٨) ڕێژەی بەبەرهەمیی گیرەکەکان لە داڕشتنی ناوی بارستایی




وێنەی ژمارە (٨) ڕێژەی بەبەرهەمیی گیرەکەکان لە داڕشتنی ناوی بارستایی

وەک لە وێنەی ژمارە (٨) پیشاندراوە، /ـی/ بەرێژەی ٥٣،٨٥٪ لە دروستکردنی ناوی بارستایی بەشدارە، لەڕوی بەبەرهەمییەوە کەم بەرهەمە، تەنیا لەگەڵ بنکەی ئاوەڵناوی سادەدا دێت.

ئاوەڵناوی سادە + /ـی/ ← ناوی بارستایی

٣٢) پانی، درێژی، فراوانی، قوڵی، گەورەیی، بەرزی، نزمی، ...هتد.

/ـایی/: گیرەکێکی کەم بەرهەمە، بە ڕێژەی ٤٦،١٥٪ بەشدارە، بەڵام توانای داڕشتنی وشەی زۆری نییە، بنکەی ئاوەڵناوی سادە هەڵدەبژێریت. لەڕوی چەمکەوە واتای جیاواز دەگەیەنێت، واتە بێجگە لە واتای (بارستایی و ڕواڵەت) واتای شوێنیشی تێدایە. بۆ نمونە (سەوزایی) بە واتای شوێنی گژوگیا دێت.

ئاوەڵناوی سادە + /ـایی/ ← ناوی بارستایی

٣٣) ئەستورایی، باریکایی، بلندایی، پانایی، قورسایی، درێژایی، ...هتد.

### ٢-٩) بەبەرهەمیی گیرەکەکان لە دروستکردنی ناوی واتایی باج

وەک لە خشتەی ژمارە (٩) دەردەکەوێت، ٩ ناوی داڕێژراوی باج هەیە، کە تەنیا دو گیرەک بەشداری داڕشتنی دەکەن، ڕێژەی ١،٨٠٪ لە کۆی گشتی ناوە داڕێژراوەکانی پێکهێناوە، بەم شێوەیە دەخرێنەڕو:

خشتەی ژمارە (٩) ڕێژەی بەبەرهەمیی گیرەکەکان لە داڕشتنی ناوی باج

| گیرەک | قاڵب | ژمارەی ناوی باج | ڕێژەی بەبەرهەمی لە ناوی داڕێژراوی باج | ڕێژەی بەبەرهەمی لە کۆی گشتی ناوە داڕێژراوەکان |
|---|---|---|---|---|
| /ـانە/ | بنکە+ پاشگر | ٨ | ٪٨٨،٨٩ | ٪١،٦٠ |
| /ـش/ | بنکە+ پاشگر | ١ | ٪١١،١١ | ٪٠،٢٠ |
| کۆی گشتی | | ٩ | ٪١٠٠ | ٪١،٨٠ |



Original Article / Doi: 10.26750/Vol(9).No(5).Paper10

وێنەی ژمارە (٩) ڕێژەی بەبەرهەمیی گیرەکەکان لە دارشتنی ناوی باج




بەپێی وێنەی ژمارە (٩)، /–انە/ گیرەکێکە لە داڕشتنی ناوی واتایی باج بە ڕێژەی ٨٨،٨٩٪ بەشدارە، لەڕوی بەبەرهەمییەوە کەم بەرهەمە، لەگەڵ دو بنکەی جیاوازدا دەردەکەوێت.

أ) ناوی سادە + /–انە/ ← ناوی باج

٣٤) بارانە، بزنانە، توتنانە، هەنگانە، سەرانە، مەڕانە، ...هتد.

ب) ئاوەڵناوی سادە + /–انە/ ← ناوی باج

٣٥) سورانە، ...هتد.

/–ش/: بە پاشگرێکی زۆر سست و کەم بەرهەمی داڕشتنی ناوی باج دادەنرێت، دەچێتە سەر بنکەی قەدی کاری سادە، تەنیا لەگەڵ یەک نمونەدا دەبینرێت، وەک:

٣٦) بەخشیش، ...هتد.

## ٢-١٠) بەبەرهەمیی گیرەکەکان لە دروستکردنی هەندێک ناوی واتایی دیکەدا

هەندێک ناوی واتایی دیکە هەن، کە تەنیا پاشگرێک لە دروستکردنیان بەشداری دەکات، هەوڵدەدەین بەبەرهەمی هەر یەکەیان بخەینەڕو.

### ٢-١٠-١) بەبەرهەمیی گیرەکەکان لە دروستکردنی ناوی واتایی بەخشیش

لە دروستکردنی ناوی واتایی بەخشیشدا، تەنیا پاشگری /–انە/ بەشداری دەکات، کە ڕێژەی ٠،٤٠٪ لە کۆی گشتی داتاکە پێکهێناوە، بە گیرەکێکی کەم بەرهەم دادەنرێت، بنکەی ناوی سادە هەڵدەبژێرێت.

ناوی سادە + /–انە/ ← ناوی بەخشیش

٣٧) شاگردانە، جەژنانە، ...هتد.

### ٢-١٠-٢) بەبەرهەمیی گیرەکەکان لە دروستکردنی ناوی واتایی باری کەسێتی

لە دروستکردنی ناوی واتایی باری کەسێتیدا، تەنیا پاشگری /–ێنی/ بەشداری دەکات، ڕێژەی ٠،٦٠٪ لە کۆی گشتی ناوە دارِێژراوەکان پێکدەهێنێت، بە گیرەکێکی سست و کەم بەرهەم دادەنرێت، لەگەڵ بنکەی ناوی سادەدا دەردەکەوێت.

ناوی سادە + /–ێنی/ ← ناوی باری کەسێتی

٣٨) کچێنی، کوڕێنی، بوکێنی، ...هتد.


Original Article / Doi: 10.26750/Vol(9).No(5).Paper10

### ٢-١٠-٣) بەبەرهەمیی گیرەكەكان لە دروستكردنی ناوی واتایی تەمەن

بۆ داڕشتنی ناوی واتایی قۆناغی تەمەن، تەنیا پاشگری /ـی/ بەشداری پێكهاتنی ئەم جۆرە ناوە دەكات و ڕێژەی ١٪ لە كۆی گشتی داتاكە پێكدەهێنێت. ئەم گیرەكە بەرهەمی كەمە و دو بنكەی جیاواز هەڵدەبژێرێت.

أ) ئاوەڵناوی سادە + /ـی/ ← ناوی تەمەن

٣٩) گەنجی، پیری، ساوایی، هەرزەیی، ...هتد.

ب) ناوی سادە + /ـی/ ← ناوی تەمەن

٤٠) مندالّی، ...هتد.

### ٢-١٠-٤) بەبەرهەمیی گیرەكەكان لە دروستكردنی ناوی واتایی جوڵە

لە داڕشتنی ناوی واتایی جوڵەدا، تەنیا پاشگری /ـی/ بەشدارە و ڕێژەی ٠،٤٠٪ لە كۆی گشتی ناوە داڕێژاوەكان پێكدەهێنێت. ئەم گیرەكە زۆر سست و كەم بەرهەمە، لەگەڵ بنكەی ئاوەڵناوی سادە دەردەكەوێت.

ئاوەڵناوی سادە + /ـی/ ← ناوی جوڵە

٤١) خێرایی، هێواشی، ...هتد.

### ٢-١٠-٥) بەبەرهەمیی گیرەكەكان لە دروستكردنی ناوی واتایی ڕەنگ

بۆ دروستكردنی ناوی واتایی ڕەنگ، پاشگری /ـەتی، ـێتی/ بەشدارە، ڕێژەی ٠،٨٠٪ لە كۆی گشتی داتاكە پێكدەهێنێت. بۆ ئەم بوارە گیرەكێكی كەم بەرهەمە، بنكەی ئاوەڵناوی سادە هەڵدەبژێرێت.

ئاوەڵناوی سادە + /ـەتی، ـێتی/ ← ناوی ڕەنگ

٤٢) ڕەشێتی/ڕەشیەتی، سورێتی، زەردێتی، سپێتی، ...هتد.

### ٢-١٠-٦) بەبەرهەمیی گیرەكەكان لە دروستكردنی ناوی واتایی نرخ و بەها

بۆ دروستكردنی ناوی واتایی نرخ و بەها، تەنیا پاشگری /ـی/ بەشداری دەكات و ڕێژەی ٠،٤٠٪ لە كۆی گشتی داتاكە پێكدەهێنێت. گیرەكێكی بێبەرهەمە، لەگەڵ بنكەی ئاوەڵناوی سادە دەردەكەوێت.

ئاوەڵناوی سادە + /ـی/ ← ناوی جوڵە

٤٣) هەرزانی، گرانی، ...هتد.

### ٢-١٠-٧) بەبەرهەمیی گیرەكەكان لە دروستكردنی ناوی واتایی حاڵەتی دەرونی

بۆ داڕشتنی ئەم جۆرە ناوە تەنیا پاشگری /ـی/ بەشداری دەكات، ڕێژەی ١،٢٠٪ لە كۆی گشتی ناوە داڕێژراوەكان پێكدەهێنێت. بە گیرەكێكی كەم بەرهەم دادەنرێت، چونكە توانای دروستكردنی تەنیا چەند ناوێكی داڕێژراوی هەیە، بنكەی ئاوەڵناوی (سادە و داڕێژراو) هەڵدەبژێرێت.

ئاوەڵناوی سادە/داڕێژراو + /ـی/ ← ناوی حاڵەتی دەرونی

٤٤) ڕاڕایی، شێتی، توندی، تورەیی، بێزاری، خەمناكی، ...هتد.



Original Article / Doi: 10.26750/Vol(9).No(5).Paper10

### ٢-١٠-٨) بەبەرهەمیی گیرەکەکان لە دروستکردنی ناوی واتایی دەنگی سروشتی

بۆ دارشتنی ناوی واتایی دەنگی سروشتی، تەنیا پاشگری /-ە/ بەشداری پێکهاتنی دەکات و ڕێژەی ٤،٣٩٪ لە کۆی گشتی داتاکە پێکدەهێنێت. ئەم گیرەکە دەچێتە سەر بنکەی ڕەگی کاری سادە و لە سازکردنی ئەم جۆرە ناوەدا چالاک و بەبەرهەمە، بەم شێوەیە:

ڕەگی کاری سادە + /-ە/ ← ناوی دەنگی سروشتی

٤٥) کۆکە، پژمە، ناڵە، بارە، لورە، میاوە، نەرە، وەرە، قرچە، مرە، پرخە، جریوە، شیرە، گرمە، حیلە، هاژە، هارە، نرکە، جوکە، قارە، زەرە، بۆرە، ...هتد.

### ٢-١٠-٩) بەبەرهەمیی گیرەکەکان لە دروستکردنی ناوی واتایی ڕوداو

ناوی ڕوداو، هەر خۆی لە بنەڕەتدا ناوێکی داڕێژراوە، چونکە (نیشانەی چاوگ /-ن/، وەک پاشگرێکی چالاک، دەچێتە سەر کرداری ڕابردوی سادە و ناوی ڕوداوی واتایی ڕۆدەنێت، واتە جگەلەوەی، کە وشەکە لە کردارەوە، بە واتای ئەوەی لە کردەوە بۆ ناوی ڕوداو (پرۆسێس) دەگۆڕێت، ئەو ناوەی، کە ڕۆیدەنێت لەڕوی سیمانتیکییەوە ناوێکی واتایی داڕێژراوە و دەلالەت لە پرۆسێس دەکات). (مستەفا ٢٠١٣: ٩٥) هەروەها پاشگری /-ن/، کاتێک دەچێتە سەر بنکەی کاری ڕابردوی داڕێژراو بە هەمان شێوە ناوی واتایی ڕوداو سازدەکات. واتە بۆ دارشتنی ناوی واتایی ڕوداو گیرەکی /-ن/، بە پاشگرێکی زۆر چالاک و بەبەرهەمیی دارشتنی ئەو بوارە دادەنرێت، بەپێی داتای بەردەستمان توانای دارشتنی (٢٥٠) ناوی ڕوداوی هەیە، کە ڕێژەی ٤٩،٩٠٪ لە کۆی گشتی داتاکە پێکدەهێنێت و بنکەی قەدی کاری (سادە و داڕێژراو) هەڵدەبژێرێت، بەم شێوەیە:

أ) قەدی کاری سادە + /-ن/ ← ناوی واتایی ڕوداو

٤٦) بردن، برین، برژان، بزوتن، بزرکان، بژاردن، بوردن، بون، بەخشین، بەزین، بەستن، بیستن، پاراستن، پچڕان، پرژان، پرسین، پژمین، پسان، پشکنین، پۆشین، پەڕین، پەرستن، پەستان، پێوان، پیشان، تاسان، ترازان، تاشین، ترسان، ترشان، تۆپین، توران، تۆقین، تەزین، تەقین، تەنین، جوڵان، جوین، چاندن، چرین، چنین، چون، چەسپین، چەشتن، چەقین، چەمین، خاران، خرۆشان، خزان، خشان، خلیسکان، خنکان، خواستن، خوران، خوسان، خوێندن، خەوتن، دروین، دۆڕان، دوان، دۆشین، دێران، ڕزین، ڕژان، ڕستن، ڕسکان، ڕشتن، ڕنین، ڕوانین، ڕوان، ڕوخان، ڕوشان، ڕەخسان، ڕەنجان، زانین، زەرین، ژیان، سازان، سپاردن، ستاندن، سوتان، سەپاندن، شکان، شێلان، فرین، فرۆشتن، قرچان، قڵیشان، قوپان، کردن، کرین، کرۆشتن، کشان، کوتان، کۆکین، کوشتن، کوڵان، کەوتن، کێشان، کێڵان، گرتن، گریان، گوتن، گۆڕین، گوشین، گونجان، گەڕان، گەستن، گەنین، گەوزین، گەیشتن، گێڕان، گیرسان، گیران، لەرزین، لەقین، لەوەران، ماڵین، مردن، مژین، مەیین، ناڵین، نواندن، نوستن، نۆشین، نوسان، نوسین، نیشتن، وەرین، وەستان، وێران، هاتن، هارین، هەژان، هەستان، هەڵاتن، هێشتن، ...هتد.

ب) قەدی کاری داڕێژراو + /-ن/ ← ناوی واتایی ڕوداو

٤٧) هەڵبرین، هەڵبژاردن، هەڵبون، هەڵبەستن، هەڵپەڕین، هەڵتۆقین، هەڵچون، هەڵخستن، هەڵداشتن، هەڵدان، هەڵفڕاندن، هەڵکوتان، هەڵکەندن، هەڵکەوتن، هەڵهێنان، هەڵکێشان، هەڵگرتن، هەڵگیران، هەڵنیشتن، هەڵوەشاندن،



Original Article / Doi: 10.26750/Vol(9).No(5).Paper10

هەڵهاتن، دابران، دابەزین، دابەستن، داپۆشین، داخستن، دادان، دارشتن، داشکان، داکردن، داکوتان، داکەندن، داکەوتن، داکێشان، داگرتن، داگەڕان، دامردن، داهاتن، داهێشتن، داهێنان، ڕاپەڕین، ڕاپێچان، ڕاخستن، ڕاداشتن، ڕادان، ڕاژەنین، ڕاکردن، ڕاکشان، ڕاکێشان، ڕاگرتن، ڕاگەیاندن، ڕامان، ڕاوەشاندن، ڕاهاتن، ڕاهێنان، ڕاپەڕاندن، تێچون، تێخستن، تێدان، تێڕوانین، تێکردن، تێکۆشان، تێکەوتن، تێگرتن، تێگوشین، تێگەیاندن، تێگەیشتن، دەربون، دەرپەڕین، دەرچون، دەرخستن، دەردان، دەرکردن، دەرکەوتن، دەرکێشان، دەرهاتن، دەرهێنان، پێبران، پێبون، پێچون، پێدان، پێکەوتن، پێگەیاندن، پێوەبون، پێوەچون، پێوەدان، پێوەکردن، پێوەهاتن، لێخستن، لێکەوتن، لێگرتن، لێنیشتن، ڕۆچون، ڕۆکردن، ڕۆکەوتن، وەرگرتن، وەرگەڕان، وەرگیران، لێکبون، لێکدان، لێککردن، تێکچون، تێکخستن، تێکدان، تێڕادان، تێڕاکردن، تێڕامان، بەربون، بەردان، تێوەدان، تێوەگلان، پێکهاتن، پێکهێنان، ...هتد.

## ٢-١١) ئاماری گشتی بەبەرهەمیی گیرەکەکان لە دارشتنی جۆرەکانی ناوی واتایی

خشتەی ژمارە (١٠)، ئاماری گشتی بەبەرهەمیی گیرەکەکان لە دروستکردنی جۆرەکانی ناوی دارێژراوی واتایی پیشاندەدات، کە سەرجەم گیرەکەکانی بەشداری ئەو بوارە دەگرێتەوە. ژمارەی تێکرای نمونەکانیش (٥٠١) وشەن، کە لە توێژینەوەکەدا وەک کەرەستە و داتا کاریان لەسەر کراوە. خستنەڕوی ئاماری هەر گیرەکێک لەسەر بنەمای ڕێژەی بەشداریکردنی لە دارشتنی ئەو نمونانەدا ئەنجامدراوە، گیرەکەکانیش بەپێی توانا و چالاکییان لە بەبەرهەمەوە بۆ کەم بەرهەم ڕیزکراون.

| گیرەک | ژمارەی نمونە | ڕێژەی بەبەرهەمیی گیرەکەکان |
|---|---|---|
| /–ن/ | ٢٥٠ | ٪٤٩،٩٠ |
| /–ی/ | ١١٦ | ٪٢٣،١٥ |
| /–ە/ | ٣٣ | ٪٦،٥٩ |
| /–ەتی، –یتی/ | ٢٩ | ٪٥،٧٩ |
| /–ایەتی/ | ٢١ | ٪٤،١٩ |
| /–ایی/ | ١٨ | ٪٣،٥٩ |
| /–انە/ | ١٦ | ٪٣،١٩ |
| /–ار/ | ٤ | ٪٠،٨٠ |
| /–ێنی/ | ٣ | ٪٠،٦٠ |
| /–ش/ | ٣ | ٪٠،٦٠ |
| /–ا/ | ٢ | ٪٠،٤٠ |
| /–گار/ | ٢ | ٪٠،٤٠ |
| /–کە/ | ٢ | ٪٠،٤٠ |
| /–ین/ | ١ | ٪٠،٢٠ |
| /–ینی/ | ١ | ٪٠،٢٠ |


Original Article / Doi: 10.26750/Vol(9).No(5).Paper10

| | | |
|---|---|---|
| کۆی گشتی | ٥٠١ | ٪١٠٠ |

خشتەی ژمارە (١٠) ئاماری گشتی بەبەرهەمیی گیرەکەکان لە دارشتنی جۆرەکانی ناوی واتایی




وێنەی ژمارە (١٠) ئاماری گشتی بەبەرهەمیی گیرەکەکان لە دارشتنی جۆرەکانی ناوی واتایی

## ئەنجام:

ئەنجامی توێژینەوەکە لە چەند خاڵێکدا کورت دەکەینەوە:

١- بەپێی ئاماری گشتی توێژینەوەکە، کە (٥٠١) نمونە وەک داتا وەرگیراون و کار لەسەر (١٥) گیرەکی وشەدارێژی واتایی کراوە، لە کۆی ئەو گیرەکانەی بەکارهاتون، گیرەکی /-ن/ لە هەمویان چالاکتر و بەبەرهەمترە، بە ڕێژەی ٪٤٩،٩٠ لە پلەی یەکەمدایە و توانای دارشتنی (٢٥٠) ناوی دارێژراوی واتایی هەیە، لە دوای ئەویش گیرەکی /-ی/ بە ڕێژەی ٪٢٣،١٥ بە پلەی دوەم دێت، کە توانای دارشتنی (١١٦) ناوی دارێژراوی واتایی جۆراوجۆری هەیە، ئینجا گیرەکی /-ە/ بە ڕێژەی ٪٦،٥٩ بە پلەی سێیەم دێت، کە توانای دارشتنی (٣٣) ناوی دارێژراوی واتایی هەیە.

٢- گیرەکەکان لەڕوی چەمکەوە هەندێکیان فرە چەمکن، واتە مەرج نییە تەنیا یەک جۆر ناوی واتایی دروست بکەن و دەربڕی هەمان چەمک بن، بەڵکو هەندێکیان زیاتر لە چەمکێک دەگەیەنن و لە دروستکردنی زیاتر لە جۆرێکی ناوی دارێژراوی واتاییدا بەشداری دەکەن، بۆ نمونە گیرەکی /-ی/ لە دروستکردنی ناوی واتایی (پیشە، ڕواڵەت، تایبەتمەندی، حاڵەتی کۆمەڵایەتی، حاڵەتی دەرونی، تەمەن، جوڵە، نرخ و بەها) بەشداری دەکات.

٣- ناوە دارێژراوە واتاییە بەرهەمهاتوەکان، بەپێی پۆلێنەکانیان لەڕوی بەرهەم زۆرییەوە جیاوازن، بەجۆرێک ناوی دارێژراوی واتایی ڕوداو لە هەمو جۆرەکانی تر بەرهەمیان زیاترە، کە ژمارەیان (٢٥٠) نمونەیە، ڕێژەی ٪٤٩،٩٠ بە نزیکی نیوەی ڕێژەی سەرجەم داتاکەیان پێکهێناوە، لە دوای ئەوانیش ناوی واتایی حاڵەتی کۆمەڵایەتی دێت، کە ژمارەیان (٤٦) نمونەیە، بە ڕێژەی ٪٩،١٨ بە پلەی دوەم دێت.



Original Article / Doi: 10.26750/Vol(9).No(5).Paper10

٤- لە جۆری بنکەکاندا، بنکەی قەدی کار بۆ وەرگرتنی گیرەکەکان لە هەمو بنکەکانی تر توانا و چالاکی زیاترە، بەدوای ئەودا بنکەی ناو، ئینجا ئاوەڵناو دێت. هەروەها لەڕوی فۆڕمەوە ئەو بنکانەی سادەن لەچاو ئەو بنکانەی داڕێژراون بەشداری زیاتر و دەرکردە و بەرهەمی زیاتریان هەیە.

٥- زۆربەی گیرەکەکان بەتایبەت ئەوانەی بەرهەمدارن، بە زیاتر لە بنکەیەک بەشداری سازکردنی ناوی داڕێژراوی واتایی دەکەن، کە ئەمەش ڕادەی بەبەرهەمییان زیاددەکات.


Original Article / Doi: 10.26750/Vol(9).No(5).Paper10

# Classification of Abstract Noun and The Productive of its Affixes in Kurdish Language

**Sherzad Saeed Sedeeq[1] - Omer Salih Khdir[2]**

[1]Kurdish Department, Faculty of Education, Universety of Soran, Soran, Kurdistan Region, Iraq.

[2]Kurdish Department, College of Education, Universety of Raparin, Rania, Kurdistan Region, Iraq.

**Abstract:**

This research is entitled " Classification of abstract noun and the productive of its affixes in Kurdish language". The importance of this study shows that before in linguistic sources, any noun that was not concrete was named abstract noun and was not classified more, but this research tries to classify the abstract nouns according to the concept and field they reach. It is also an attempt to demonstrate the rate of activity and productivity of the affixes that make abstract noun and a role in enriching the Kurdish language dictionary. The research consists of two section: the first section except for the introduction and summary theoretically talked about the concept, term and definition of the productivity. Also, in general the nouns and types of nouns are mentioned in terms of existence (concrete and abstract), then the types of abstract noun are classified. In the second section, practically the productive of the affixes in creating the types of abstract nouns are presented examples. Finally, the results and list of references are shown.

**Keywords:** Productivity, Abstract Noun, Word Formation, Affix.



**Original Article / Doi:** 10.26750/Vol(9).No(5).Paper10

## سەرچاوەکان:

حاجی مارف، ئەورەحمان (٢٠١٤) ڕێزمانی کوردی – بەرگی یەکەم وشەسازی – بەشی یەکەم – ناو، چاپخانەی ڕۆژهەلات، هەولێر.

خاڵ، شێخ محەمەد (٢٠٠٥) فەرهەنگی خاڵ، بڵاوکراوەی ئاراس - ژمارە ٣٥٦، چاپی دوەم، چاپخانەی وەزارەتی پەروەردە، هەولێر.

خۆشناو، شیروان حوسێن (٢٠١٦) توانای مۆرفیمی بەند لە دەوڵەمەندکردنی فەرهەنگ و ڕاپەڕاندنی ئەرکی سینتاکسیدا، چاپی یەکەم، دەزگای چاپ و پەخشی نارین، هەولێر.

خۆشناو، نەریمان عەبدوڵلا (٢٠١٦) زمانەوانی کارەکی، چاپی یەکەم، چاپخانەی هێڤی، هەولێر.

دزەیی، عەبدولواحید موشیر (٢٠١٣) ڕستەسازی ڕۆنانکاری و گوێزانەوە، چاپی یەکەم، ناوەندی ئاوێر بۆ چاپ و بڵاوکردنەوە، هەولێر.

سەعید، سازان زاهیر (٢٠٠٩) پێزی مۆرفیمە داڕێژەکانی بچوککردنەوەو ناسکی لە سازکردنی وشەی نوێدا، نامەی ماستەر، کۆلێژی زمان، زانکۆی سلێمانی.

شرفکندی، عبدالرحمان (١٣٦٩) فەرهەنگی هەنبانە بۆرینە، بڵاوکراوەی سروش، چاپی یەکەم، تاران.

صدیق، فاروق عومەر (١٩٧٥) وشەسازی لە زمانی کوردیدا، لە بەشی دوەمی بەرگی سێیەمی گۆڤاری "کۆڕی زانیاری کورد" دەرهێنراوە، بەغدا.

کەریم، دیار عەلی کەمال (٢٠٠٢) ڕێزمانی کوردی ڕوانگەیەکی بەرهەمهێنان و گوێزانەوە، نامەی ماستەر، کۆلێجی پەروەردە، زانکۆی سەلاحەدین.

کەرەمی، سەعید (١٣٩٦) وشەناسیی زمانی کوردی، چاپی یەکەم، زانستگای کوردستان، سنە.

لیژنەی زمان و زانستەکانی لە کۆڕی زانیاری کورد (٢٠١٨) ڕێزمانی ئاخاوتنی کوردی، چاپی یەکەم، انتشارات کردستان، سنە.

مستەفا، ڕەزا مستەفا (٢٠١٣) ناوی ئەبستراکت و پێزی مۆرفیمە داڕێژەکانی ناوی ئەبستراکت لە زمانی کوردیدا، نامەی ماستەر، سکوڵی زمان، زانکۆی سلێمانی.

محەمەد، هێژا کەمال (٢٠١٦) سەنگ و بەهای بیر لە یەکگرتنی ناولێنراو بە ناولێنەرەوە لە زمانی کوردیدا، نامەی ماستەر، کۆلێجی زمان، زانکۆی سلێمانی.

مەحویی، محەمەد (٢٠٠١) زمان و زانستی زمان، بەرگی یەکەم، دەزگای چاپ و پەخشی سەردەم، سلێمانی.

سیفی، سرور (١٣٩٤) اسم سازی در زبان کردی گویش سنندجی، پایان نامە کارشناسی ارشد رشته زبانشناسی، گرایش همگانی، دانشکده ادبیات گروه زبانشناسی، دانشگاه کردستان.

کرمی، سمیه (١٣٨٨) بررسی زایایی گروهی از وندهای فارسی و محدودیت های ناظر آنها، پایان نامه کارشناسی ارشد، زبانشناسی همگانی، دانشکده زبانهای خارجی گروه زبانشناسی، دانشگاه اصفهان.

Bauer, L. (2004) Morphological Productivity, Cambridge University Press.

Crystal, D. (2008) A Dictionary of Linguistics and Phonetics, Sixth Edition, Blackwell Publishing.

Chomsky, N. (2012) Philosophy and Progress: Vols. LI-LII.

Fasold, R.W (2006) An Introduction to Language and Linguistics, First published, Cambridge University Press, New York.

Hudson, G. (2000) Essential Introductory Linguistics, First published, Blackwell Publishing.

Hulse V. (2010) Productivity in Morphological Negation: A Corpus – Based Approach, Ph.D., School of Education, Faculty of Humanities, University of Manchester.

Katamba, F. (1993) Morphology, First Published, New York.

Leech, G. (2006) A Glossary of English Grammar, Edinburgh University Press.

Plag, I. (1999) Morphological Productivity Structural Constraints in English Derivation, Mouton de Gruyter, Berlin and New York.



**Original Article / Doi:** 10.26750/Vol(9).No(5).Paper10

Richard, J. C. and Schmidt, R. (2010) Longman Dictionary Language Teaching and Applied Linguistics, Fourth Edition Published in Great Britain, Pearson Education Limited.
Trask, R. L. (2000) Dictionary of English Grammar, First Published, Penguim Books.

## پەراوێزەکان:

---

[i]– هەرچەندە، سپیایی بە واتای (شیر و ماست)یش بەکاردێت، بەڵام لێرەدا بە ناوی واتایی ڕواڵەت بەکارهاتوە، بۆ نمونە دەوترێت شاخەکە سپیایی هەر ماوە، واتە هێشتا بەفری پێوە ماوە.

[ii]– لە وشەی سەرما گۆڕانی فۆنۆلۆژی ڕویداوە، (سارد>سەرد>سەرم>سەرما) بڕوانە: (خۆشناو ٢٠١٦: ١٧٦).

[iii]– ناوی نەخۆشیەکی سمی ئاژەڵە. بڕوانە فەرهەنگی هەژار: (شرفکندی ١٣٦٩: ٤٨٩).

[iv]– ناوی نەخۆشیەکە توشی دەموچاوی مرۆڤ دەبێت. بڕوانە فەرهەنگی خاڵ: (خاڵ ٢٠٠٥: ٦).



Original Article / Doi: 10.26750/Vol(9).No(5).Paper10